## نهێنیی سەرکەوتوویی

بازرگانی جیهانی، هێزمەندانی جیهان و ئایینی جیهانی لە هەموو گۆشەکانی سەر زەوییەوە بە سێ قۆڵی دەستیان کرد بە هیدایەتی مرۆڤی هۆمۆساپێینس هەتا پێکهاتنی دنیای مودێرن و ئاڵۆزی ئەمڕۆیی. ڕێگایەکی پڕ لە هەرگ و پێچەڵاوپێچ، بەڵام لە ڕوانگەی کاتیەوە، کولتوور و داب و نەریتە بچووکەکان کرانە قوربانی، بۆ پێکهاتنی کولتوورێکی جیهانی ئەوتۆ کە پێشگرتن بەو، کارێکی نامومکینی دەنواند. بەڵام ئەوە بەو مانایەش نییە کە مرۆڤ نەیتوانیبایە پێش بە جیهانیکردنی کۆمەڵگایەکی مەزنی ئەمڕۆیی کە بە پتوونی بە سیستەمی سەرمایەدارییەوە بەستراوەتەوە، بگرتبایە. چەشن سیستەمیتریش بە هەمان شێوە دەکرا پێك بێن. بۆ وێنە بۆچی زمانی ئینگلیزی بۆتە زمانی جیهانی و زمانی ئاڵمانی یا کوردی نا؟ بۆچی ژماری مرۆڤی مەسیحی و موسوڵمان زۆرن و لایەنگری زەردەشتی و مانی کەمن؟ ئەگەر ئێمە بمانتوانیبایە مێژووی دە هەزار ساڵ بەر لە ئێستای خۆمان وەك فیلمێك چەندین جار لە هەوەڵەوە سەیر کەینەوە، ئایا دەمانتوانی هۆی هێزگرتنی ئایینە ئیبراهیمیەکان و سەرنەکەوتوویی و بێ هێزکردنی ئایین و بۆچوونەکانیتر بە ڕاشکاوی ببینین؟

بەداخەوە تاقیکارییەکی ئەوتۆ، نامومکینە، و بەو هۆیەش ناتوانین وەڵامی سەداوسەدی ئەو پرسیارە بدەینەوە. بۆ باشتر تێگەیشتن لە پرۆسەیە و چۆنیەتی ڕووداوە مێژووییەکان سەیری دوو تایبەتمەندیی گرنگی مێژوویی دەکەین.

1. تەنیا بە ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو ناکرێ پشکنینی مێژوو بەڕێوەببردرێ:

هەر کات و ساتێکی دیاریکراوی مێژوو خۆی ڕێگایەکی نوێ بۆ دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی دەکاتەوە. وێدەچێ تەنیا شەقامێك مێژووی ڕابردوو و ئێستامان پێکەوە پەیوەند بدا، بەڵام بۆ گەیشتن بە داهاتوو چەندین ڕێگا و شەقام لەسەر ڕێگامان قوت بوونەوتەوە. تاقمێك لەو ڕێگایانە گەورە و پانترن و بە تابلۆی پێشاندەر مرۆڤ باشتر بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ڕێگاکانیتر ڕێنوێنی دەکەن، هەر بەو هۆیەشەوە ئێمەی مرۆڤ یاخود لای کەم زۆرینەی ئێمە ئەو ڕێگایانە هەڵدەبژێرین و وەدوایان دەکەوین کە ڕوون کرابنەوە و هاسانتر بتوانین بیاندۆزینەوە. بەڵام زۆر جاریش مێژوو سووڕ و چەرخی وا دەداتەوە کە هیچکام لە ئێمە چاوەڕوانی لێ ناکەین.

بۆ وێنە لە ساڵی ٣٠٠ ی زایینیدا ئیمپراتۆری ڕۆمییەکان چەندین ئایین یان لە دەوروبەر کۆببوونەوە و دەیانتوانی هەر کام لەوان بکەنە ئایینی فەرمی حکوومەتەکەیان. بە ئاوڕدانەوە لە چەند دەیەی ڕابردووی ئەو سەردەمە کە بەردەوام شەڕ حاکم بووە، قەیسەری سەردەم "کۆنستانتین" بۆ ئارام کردنەوەی بار و دۆخی

ناوچەکە پێویستی بە هێزێکی کونترۆڵ بووە و بۆ ئەو کارە هاوکاریی نێوان ئایین و سیاسەتی بە باشترین ڕێگاچارە زانیوە. لەو ناوەدا ئایینی میترایی، زەردوشتی، یەهوودی، مەسیحی و ... زۆر ئایینیتریش لە ناو خەڵکیدا باو بووە و هەرکام لایەنگری خۆیان بووە. بۆچی بەڵام ڕاست بڕیاری بۆ ئایینی مەسیح داوە؟ ئایینی مەسیحی تایبەتمەندییەکی بووە کە ئایینەکانیتر لێی بێ بەش بوون؟ ئایا پسپۆڕانی ئەو سەردەمە بەراوەردیان کردووە کە لە داهاتوودا ئایینی مەسیحی لەوانیتر گەورەتر دەبێتەوە و لایەنگری زیاتری دەبێ؟ یا پەیوەندیی بەوەوە بووە کە چونکە دایکی قەیسەر مەسیحی بووە، ویستوویە دڵی دایکی ڕاگرێ؟ مێژووناسان تەنیا لەسەر گومان دەتوانن ئەو بڕیارەی ڕوون کەنەوە و سەداوسەد ناکرێ هۆیەکەی بسەلمێنن. ڕەنگە ئەوان بتوانن ڕوونی کەنەوە "چلۆن" مەسیحییەکان لە حکوومەتی ڕۆمییەکاندا هێزیان وەدەست هێناوە، بەڵام ئەوان ناتوانن سەداوسەد ڕوونی کەنەوە "بۆچی" زیادە لەو هەموو ئایینە، ئایینی مەسیحی بوو بە ئایینی فەرمی.

لێرەدا جیاوازیی نێوان ڕوونکردنەوەی دوو ووشەی "چلۆن" و "بۆچی" چییە؟ بۆ وێناکردن و ڕوونکردنەوەی ووشەی "چلۆن" دەبێ پرۆسەیەك لە ڕووداوی تایبەتیی ساغ بکرێنەوە کە ڕەوەندی پرۆسەکە لە خاڵێکەوە بۆ ئەویتر دیاری بکات. بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی ووشەی "بۆچی" دەبێ مرۆڤ هۆکاری بەرپرس بۆ ڕووداوەکە بدۆزێتەوە کە کارێکی لەڕادەبەدەر چەتوونە. ئەزموون دەڵێ: هەرچەند مرۆڤ زانیاری زیاتری لەسەر مێژووی تەوەرێك هەبێ، بەو ئەندازەیەش ڕوونکردنەوەکەی ئاڵۆزتر دەبێتەوە. بەو هۆیەی ڕەوەندی مێژوویی بە شێوەیەکی نارێکوپێکە، ناکرێ ڕوونکردنەوەکان سەداوسەد متمانەیەن پێ بکرێ.

## 2. مێژوو، خۆی بە مرۆڤەوە نابەستێتەوە

ئێمە ڕەنگە نەتوانین ڕوونی کەینەوە بۆچی مێژوو هێندە پێچ و خەمی هەیە، بەڵام دەتوانین بە ڕاشکاوییەوە بڵێین مێژوو خۆی بە پەرەپێدان و برەوپێدانی مرۆڤەوە نەبەستۆتەوە. هیچ بەڵگەیەك لە دەستدا نییە کە بارودۆخی مرۆڤ لە ڕەوەندی مێژوویی داهاتوویدا باشتر بێتەوە. هەروەها هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ هیچ کولتوورێك نییە کە مرۆڤ تێدا باش ژیابێ، سەرکەوتووییان هەبووبێ و خۆیان بە بەختەوەر زانیبێ، یاخود بە پێچەوانەش بۆ ئەو کولتوورانەی سەرکەوتوو نەبوون و لەناو چوون.

بە هیچ شێوەیەك ناتوانین بیسەلمێنین کە بۆ وێنە ئایینەکانی وەك مانی، زەردوشت و ئەوانیتر بۆ باشتر هیدایەتکردنی مرۆڤ لەم جیهانە لە ئایینی مەسیحی بێ دەسەڵاتتر

www.rojhalat.de / www.bokan.de

دەبوون ، یا سەرکەوتوویی ئیمپراتۆری ڕۆمی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئیمپراتۆریی ئێرانی و عەرەبی و ... ئەگەر ئەوان هێزیان گرتبایە، کارتیکەریی کەمتریان دەبوو.

نە تەنیا هیچ بەڵگەیەك بوونی نییە کە مێژوو لە خزمەت مرۆڤدایە، بەڵکوو ئێمە ناتوانین ئەو کەڵك لێوەرگرتنە بە شێوەیەکی عەینی وێنا بکەین. هەر کام لە کولتوورەکان ئەو کارە بە شێوازی خۆیان لێك دەدەنەوە و هیچ پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندن لە دەست دا نییە. دیارە نەتەوە سەرکەوتووەکان هەمیشە لەسەر ئەو بۆچوونەن کە ڕاستی و حەق بە دەست ئەوانەوەیە. بەڵام بۆچی دەبێ ئێمە باوەڕ بەوان بکەین؟ شتێکی سروشتیە کە ئایینی مەسیحی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زیاتر لە ئایینەکانیتر بۆتە هۆی پێشکەوتوویی مرۆڤ لەسەر ئەم هەردە، بەڵام ئەگەر یەك لەنەتەوەکان ئەو بۆچوونە نەسەلمێنێ، هیچ بەڵگەیەکیان بۆ ئەو بۆچوونەیان پێ نامێنێ، چونکە ناتوانن بزانن ئایا ئایینێکیتر بە جێی ئایینی مەسیحی سەرکەوتووتر دەبوو یا نا. لەوانەیە بارودۆخی مرۆڤ لەمرۆدا زۆر باشتر دەبوو ئەگەر بۆ وێنە ئایینی بوودایی لە کۆمەڵگاکاندا بەهێز بایە.

پسپۆران و زانایان لەسەر ئەو بۆچوونەن کە کولتوورەکان وەك ڕۆحیکی نەخۆش بەردەوام مرۆڤیان بە چەشنی مەرێکی بێ دەسەڵات هیدایەت کردووە و ڕێگایان بۆ دیاری کردووە. وێناکردنێکی کولتووری بۆ وێنە باوەڕ بە ئایین بۆ گەیشتن بە بەهەشتی ئەو دنیا، یا باوەڕی کومۆنیستی بۆ گەیشتن بە ژیانی ئاسوودە لەم دنیایەدا دەتوانێ مرۆڤ هان بدا کە تەنانەت ژیانی خۆی بۆ گەیشتن بەو فانتازیانە فیدا بکا. داب و نەریت و بە گشتی کولتورە کۆنەکان وەك پارازیت یاخود میکرۆبێك دەتوانن مرۆڤ نەخۆش خەن و لە گیانی یەکتریان بەردەن.

داب و نەریت و کولتوور ئەوکات سەرکەوتوو دەبێ ئەگەر بتوانێ دروشمەکانی لە وەچەیەکەوە بۆ ئەویتر ڕاگوێزێ جا ئەو هەڵس و کەوتانە چ ئەرێیی و چ نەرێنی بن. بۆ وێنە ناسیۆنالیستەکان توانیان لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠ دا بۆ ماوەی سەدەیەك مەترسی بۆ تەواوی جیهان دروست بکەن. ئاکامەکەشی بووە هۆی پێکهاتنی شەڕ، کاولکاریی، کوشتنی مرۆڤ، کۆمەڵکوژی و ... ویروسی ناسیۆنالیزم مرۆڤی وەها نەخۆش کردبوو کە وەك نەخۆشییەکی تەشەنەسێن لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەوروبەر و جیرانەکانیشی گرتەوە و پێ نەخۆش کەوتن. لە ڕوانگەی زانستی کۆمەڵایەتییەوە بەلایەکی گەورەیە ئەگەر مرۆڤ لە کۆمەڵگادا بە کۆمەڵ تووشی خەونێکی هاوبەش بن و خەونەکەیان بە ڕاست وەرگێڕن. ئەو سیستەمە ڕوونی دەکاتەوە کە چلۆن کاتێك بەشدارانی کۆمەڵێك کارێکی هاوبەش دەکەن، خۆیان ناتوانن خاڵە نەرێنیەکانی چالاکیەکەی خۆیان ببینن. نموونەیەکی پڕ بە پێست بەهێز کردنی هێزی نیزامی وڵاتەکانە. کاتێ پاکستان خۆی بە فڕۆکەی مودێرن تەیار دەکا، هیند و وڵاتەکانی دەوروبەریشی بۆ ئەوەی نەکا وەدوا کەوتبێتن، خۆیان بە هێز دەکەن. کاتێ هیند پرۆژەی بۆمبی ئەتۆمی بەدەستەوە دەگرێ،

www.rojhalat.de / www.bokan.de

پاکستان به پەلە پارەی بۆ قەرز دەکا بۆ ئەوی لە جیرانەکەی وەدوا نەکەوێ. بەگشتی هێزی نیزامی ناوچەکان کەم تا کورت بە شێوازی ڕادەیی وەك خۆیان دەمێننەوە، تەنیا سەدان و هەازران ملیۆن پارە کە دەکرا بۆ مەبەستی پەروەردە یا سلامەتی ئەندامانی کۆمەڵگا بەکاربهێندرێ، بۆ کڕینی چەکەمەنی تەرخان دەکرێن. بڵێی مرۆڤی ئەو ناوچانە تێگەیشتویی سیاسی ئەو چەشن کارانەیان نەبێ؟

هەر وەك پەرەسەندن، مێژووش کەمتر خۆی بە چارەنووسی بوونەوەرێکی تایبەتەوە خەریك کردووە. هەروەها مرۆڤ بە گشتی بەهۆی کەم زانستی و لاوازییەوە نەیتوانیوە پرۆسەی مێژوویی بۆ بەهەرە لێوەرگرتنی خۆی بەکار بێنێ. مێژوو لە ڕێگایەکەوە بۆ ئەویتر لای داوە و بە هۆی نادیارەوە هەر جارەی ڕێگایەکیتری گرتووە. لە ساڵی ١٥٠٠ی زایینی بەولاوە لایەنێکی دژواری گرتۆتە بەر کە نەك هەر چارەنووسی مرۆڤایەتیی بەرەو ڕێگایەکی نوێ هیدایەت کردووە، بەڵکوو لەوانەیە بە گشتی وەك "شۆڕشی زانستیی" چارەنووسی "ژیان"یشی لەژێر کونترۆڵی خۆی گرتبێ.

شۆڕشی زانستیی لە ڕۆژئاوای ئورووپاوە واتە لە دورگەیەکی ڕۆژئاوا لە گۆشەی کەناریی ئاسیا و ئورووپاوە دەستپێکردووە. ناوچەیەك کە تا ئەو سەردەمە هیچ ڕۆڵێکی لە مێژووی جیهاندا نەگێراوە. بۆچی ئەو شۆڕشە ڕاست لەوێوە دەستپێکرووە؟ بۆچی بۆ وێنە دەسپێکی لە چین یاخود هیندەوە نەبووە؟ هەروەها بۆچی ڕاست لە سەدەی پازدەوە؟ ئیمە وەڵامی ئەو پرسیارانە نازانین. زانایان و پسپۆرانی ئەو بووارە چەندین تێئۆریان بۆ دروست کردووە بەڵام هیچکامیان سەداوسەد مرۆڤ قانع ناکەن. بە کورتی، مێژوو ئاسۆی زۆریەك لە کۆی پێداویستییەکانە، بەڵام زۆربەی ئەو پێداویستیانە بە ڕاست وەرناگەڕێن و تەنیا وەك خەیاڵێك دەمێننەوە.

دریژەی هەیە...